○ ڕەوف حەسەن ○

# خۆماڵێتی لە چیرۆکی کوردیدا

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە میزاجی کوردەواریم تێکچوە ، دەرویش عەبدوللا دەخیلت بم دەسا بەو لاوکو ئای ئایو حەیرانە شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆلم کە لە بیتهۆفن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەللا دە ، ئەی دەرویش ، سکالایێك لەگەڵ ڕۆحی کلۆلم کە .

گۆران

ڕەنگە نزیکترین پێناسەیێکی ئەدەبی خۆمالی : ئەدەبی نەتەوەیی بێت .. ئەمەش بە مانا فراوانەکەی نەك بەمانای ڕامیاری ڕووت .

چیرۆکی کوردیمان .. هەر لە سەرەتای چاو هەڵهێنانی‌یەوە شناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەلگرتوەو تامو بۆو ڕەنگو ڕوخسارو دەنگو سەداو ئاوازی کوردیی پێوە بوە ..

بەڕای من سیما خۆمالیەکانی چیرۆکی کوردی بەتایبەتی‌و هونەری کوردی بەگشتی لەم پێنج خالەدا کۆ دەبێتەوە : ــ

١ ــ زمانێکی ڕاستو ڕەوانی کوردی .. لەپاڵ گشت ئەو ئایدیۆمەو پەندی پێشینانو قسەی نەستەقو بەتوێکڵو نوکتەو مەتەڵانەی کە لە بڕبڕە پشتی زمانەکەمان دا هەن .. سەرباری ئەو بەیتو لاوکو حەیرانو شیعرە فۆلکلۆری‌یەکانی تر کە هەردەم بە سەرزاری کۆچەرو جوتیاری کوردەوە بوە لە کاتی کارکردن داو هەروەها لە سەر زاری ئافرەتو دایکانی کورد بووە بۆ کۆرپەکەیان .

٢ ــ خوو ڕەوشتو نەریتی کۆمەلایەتی باو .. لە شادی وشینو جۆری بەرگو کالاو خواردەمەنی میللی‌و شێوەی خانوو بەرەو پیشە میللیەکانو .. هتد .. کە مەسەلە ئاینی یەکان دەورێکی گرینگیان تێدا دەبینن .

٣ ــ مەلبەندی ژیانو گوزەرانی کورد .. لە خیلەو خوار بەرەو گەرمیانو خێلەو ژوور بەرەو کوێستان .. بەشارو گوندو دەشتو چیاو دۆڵو ڕوبارو شوێنەواری دێرینو کۆلانو شەقامو گەرەکەوە .. کە سەرجەمی ئەمانە پێوەندی‌یێکی ڕاستەو خۆیان بەباری ئابووری‌و ڕامیاری‌و کۆمەلایەتی‌و جوگرافیەوە هەیەو هەروەها جۆری ڕووەكو ئاژەڵو بالندەش .

٤ ــ مێژووی قۆناغەکانی نەتەوەو خەباتو ڕاپەڕینو ڕووداو بەسەرهاتی تری کۆمەلایەتی .. ئەمانە چ تایبەتی بن یا هاوبەشی بن لەتەك نەتەوەکانی تردا ..

٥ ــ لەهەموو ئەمانە گرینگتر .. مرۆڤی کورد خۆیەتی .. کە لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەوانەی باسمان کرد هەمووی یا هەندێکی .. ئەو مرۆڤەی لێ دەر دەچێت کە مەبەستی سەرەکیمانە بە هەموو هەستو نەستو بیروباوەڕو ئومێدو ئاواتەکانیەوە .. بە ناوو نازناوو تیرەو خێلی خۆیەوە .. بەروخسارو ڕەفتاری زبری خۆیەوە .

ئەم خالانە بنەمای باسەکەمان .. دوور نیە یێکسەر ڕوو بەڕووی ئەو هەقیقەتە ببینەوە کە لە کۆمەڵێ پرسیاردا خۆی دەنوێنێ :

ئایا شاخو کێوو کانی‌و دار گوێزەکان تەنیا لە مەلبەندی ژیانی ئێمەدا هەن !؟

ئایا ئایین نەبۆتە هۆی لێکچوونی کۆمەڵێ نەریتو بیروڕاو

ڕەفتار ؟!

ئایا نەتەوە جۆراو جۆرە نزیکەکانی یێکتر مێژووی خەباتو ڕاپەڕینو ژینی کۆمەڵایەتی هاوبەشیان نیە؟!

بە دەیان پرسیاری تر کە وەڵامی هەر هەموویان : بـەڵێ وایە یە ..

کەچی ئەم هەموو لێکچوونانەی نێوان نەتەوەکانی دنیا تـا ئێستا نەبوونەتە هۆی سڕینەوەی مۆرکی خۆماڵی و ئەدگاری تایبەتی نەتەوەکان .. چونکە .. هەر بۆ نموونە .. ئەگـــەر لە سەر هەموو چیاکانی دنیا بەفر ببارێت .. ئەوا لە چیرۆکی کوردیدا ئەو بەفرە بەسەر چیایێکدا دەبارێ کە ناوی قەندیلە، ئاکۆیە .. یا پیرە مەگرونە .. چیاکانی کەشمیر نیە .. جا ئەوە چیە ؟! فەرقی چیە ؟! هیچ ؟ باشە ئاخر ئەو بەفرە بەســەر جوتیارێکی کوردا دەبارێ بە کڵاوو جامانەو فەقیانەو شرواڵو مراخانیەوە .. بە پشتێنو جاش کەوشەوە .. ئێ .. جا ئەمە چیە ؟! جوتیارەکانی کشمیریش هەر مرۆڤەو چەوساوەشە .. ئاخر ئەم جوتیارە ناوی حەمەدە .. یا لالۆیە .. ئەو ڕوبارەی لە چیرۆکێکی کوردی دایە ناوی تانجەرۆ یا سیروانە .. بەڵام لە چیرۆکی ڕووسیدا ناوی دۆن یا ڤۆلگایەو .. ئەمانە چی لـە مەسەلەی مرۆڤەکە دەگۆڕێ ؟! ئەو مرۆڤانەی لە ڕۆخی هەر یێکێکیان دەژین کۆمەڵێ ئومێدو باوەڕو ئەفسانەو داستانو بەندی تایبەتیان لە دەوریان هۆنیوەتەوە ئەو مـرۆڤانە گشت خاكو چیاو روبارو سروشتەکە بە مولکی خۆیان دەزانن ئەگەرچی بستێکیشیان نەبێـت دەوارێکی تیـا هەڵـدەن .. ئەوانـە هەریێکەیان لە دێر زەمـانەوە خوێنو ئێسكو پروسکیـانو بیرەوەریو خۆشیو ناخۆشییان تێکەڵی بووە .. ئەمە لە ئەدەبو هونەردا گرینگە .. تێ ناگەم بۆ وێنە گرتنو کارتێکردنی قلچەی هونەرمەندێك .. یا خامەی چیرۆکنووسێك لەبەری گران بێت .. بەڵام خوێن ڕشتن بۆ پارێزگاریو سەربەستی هێند هەرزان بێ ؟!

ئەی ئەو بەرهەمانە نابنە نوێنەرێك بۆ پێناساندنی ئەمانە بە گەلانی جیهان ؟!

هەندێ لەنووســەرانمان خۆماڵیێتی چیرۆك بـەوپێوەرە دەپێون کە چیرۆکێکی کوردیمان وەرگێڕایە سەر زمانێکی تر .. بناسرێتەوە .

ئەم ڕایە پەسەندە .. ڕەنگە بێگانەیێکی شارەزا بە تەنیا ناوی پاڵەوانەکـە ئەمەی بۆ بچێتــە ســەرو ئێمـەش ئـەم مەبەستەمان بێتە دی .. بەڵام بەلای خۆمەوە ــ ئێستاکە ــ هێندە قایلم : چیرۆکێکی بە کوردی نوسراو .. خۆینەرێکی کـورد کە خوێندی یــەوە هـەست بەوە بکات کە بابــەتێکی



کوردی یەو هیچی تر .. چونکە نموونەی ئەو چیرۆکانە زۆرن کەوا دەزانیت چیرۆکێکی لاوازو ناشیانەی بێگانەیەو هەروەها نەزانانەش تەرجەمە کراوە .

لەپاڵ ئەمەشدا زۆر چیرۆکی کوردی دەبینین کە هەموویان پڕن لە زۆرانبازیی چینایەتی .. بەڵام نموونەی ڕاستەقینەی مرۆڤی کوردییان تێدایـەو ژیـانو گوزەرانو دەنگو ڕەنگی کوردەواریانەیان تیا دەبینیو دەبیسی .. لەو چیرۆکانە

( لەخەوما )ی جەمیل سائیب .. ( دوانزە ســوارەی مەریوان )ی پیرەمێرد ، ( مەنۆچەر و خازێو کوێرەوەری و ژانی گەل )ی بلەو ( پێشمەرگە ) ی د. ڕەحیمی قـازیو ، ( قەلای دمدم)ی عەرەبی شەمۆو ( شەهیدانی قەلای دمدم)ی مستەفـا سالح کـەریمو ، ( شمشـالی شوان )ی محەمەد سالح سەعیدو ( بێ ولات نیمو ئـاسۆو دوو چاوی لێلی ) محەمەد مەولود مەمو (چای شیرینو چالی جەرگی پیرێژنو ڕووی کردەوە شاخو کانی ڕەحمانو سەفەرێکی ئەفسوناوی ) حسێن عارفو ( ئەڵمان کوردیو دلداری قەدەغە نیە )ی د. مارف خەزنەدارو ( خانزاد )ی جەمال بابانو ( شایەکەی ڕەشەی خـەجە لاوو ڕۆنە زەنگی حـەمەسەن)ی عـەلادین سەجادیو ( تونێلی دەربەندەکەو شاری خامۆش )ی کاکە مەم بۆتانیو ( نازدار )ی محەمەد عەلی کوردی و ( بەڵام کوردمو خۆری ئاوابووو ، دیناری ئـاغـا )ی د. کاوس قـەفتـانو ( شـەهیدی زولمە کفنو شۆردنی ناوێو زوربەی چیرۆکەکانی تری ) حەسـەنی قزلجیو (شای قەرەجەکانو گردی شەهیدانو سەیرانێك لە ئەزمڕو هەڵبەرکێیێك لە بلکیان ) ی محـەڕەم محەمەد ئەمین و ( قولاپی چاوەکانو سێبەری ئەسپە شێ )ی



محەمەد فەریق حەسەنو ( شـوانو شوێنـەوار )ی ڕەوف بێگەردو ( چەپکێ نێرگزی تایبەتی ) شیرین .ك و ( گۆشەیێك لە ژیانی ڕەعناو فەقێ عەباس ...) ی ئەحلام مەنسوور

یەکێ لە شتە هەرە تایبەتیەکانی نەتەوەکەمان شاییو زەماوەندو هەڵپەرکێیە .. هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەك .. جا ئیتر لە زەماوەندی بووك گواستنەوە دابێت .. یا ئاهەنگی جەژنی نەورۆزو سەیرانو خەتەنە سوورانو بۆنەکانیتر .. ئەو میللەتەی ساڵەهای ساڵە لەژێر باری گرانی چەوساندنەوەو کوێرەوەری دایە ئـەم نەریتە میللیەی خۆی ون نەکردوە و بەجۆری ڕەگی بتەوی لە قوڵاییدا چەسپاندوە ، وام لێ دەکات بڵێم .. هەڵپەرکێ چەپی لە زمان کەمتر نیە لە مەسەلەی خۆمالیدا .. هەڵپەرکێی کوردیی هاوشانی زمانی کوردییە .. ڕەنگە بەهەڵەدا نەچوو بم ئەگەر بڵێم : ئەو کوردەی هەڵپەڕکێ نەزانی زمانی کوردیش نازانێت .. تەنانەت جاری وا هەیە پێش زمـانیش دەکـەوێت . زۆر جـار کە ناتوانین لەگەڵ بێگانەدا لـە یێکتـری بگەینو خۆمانیـان پێ بنـاسێنین .. یێکـەر دەست دەگرینو ئیتر سێ پێی ، چەپی ، گۆلشێنی ، ڕوینـە ، سوێسکەیی ، شێخـانی .. هند دای دەمەزر ـ ێنین ..

ئەم ڕەوشتە ڕەسەنەمان لە چیرۆکی کوردیدا بە جوانی ڕەنگی خۆی ڕشتوە .. جەمال بابان لە چیرۆکی ( خانزاد )دا زۆر نازدارانە باسی دەکات :

[ کوڕگەل هاتن .. ڕژانە ناو شایی کەرانەوە .. هەر کوڕە چوە دەستی کچێکەوە .. هەر پیـاوەش چوە دەستی ژنێکەوە .. دەستیـان بە هەڵپەرکێ کـرد .. بـە هەموو هێزێکیانەوە ئەیان کوتا .. چونکە هەر ڕۆژێکەو ئەمڕۆ .. ( تا دەگاتە ) .. بۆنی مێخـەكو سملو ڕەشە ڕیحانەی ژێر ملی ئافرەت پیاوی کاس ئەکـرد .. زڕەی پلپلەو ملوانکەو خشـەی کەوای سورمەو کـراسی قەنـەوزی ئالار ورشەی سوخمەی کۆلوانـەو دەسمال .. لـەگـەڵ دەنگی دەهۆڵو ئاوازی زوڕناش کە جار جار تێکەڵاو ئەبوونو هەندێ جاریش بەرەنگاری یێکتر ئەبوون ئەوەندەی تر خەڵکەکەی بە پەرۆشتر ئەکردو ئەی هێنانە هەڵەکە سەماو جوولەو قریوە .. تـا تەواو ماندوو بوونو لەپەلو پۆ کەوتنو دەستیان بەردا ](١)

ئەحلام مەنسووریش لە چیرۆکی (فەقێ عەباسو دیمەنێکی لەیاد نەچوو ) دا لایـەنێکی زۆر وردی زەمـاوەندی کوردی وێنەگرتوە ، ئەویش ڕەفتارێکی تایبەتی منداڵانی کوردە لە کاتی هەڵپەرکێدا و دەڵێ :

[ هەموو منالانیش لەگەڵ ئاوازی دەهۆڵو زوڕنـاکەدا شانیان هەڵئـەتەکاندو هـەندێکیشیان قەتیـانەی ئافرەتانو پیاوانیان لە ڕەشبەلەکە کـەدا بەیێکەوە گرێ دەدا .. (تـا دەگاتە ) .. سەرنجی ئەو ڕەشبـەلەكو هەرایەم دەدا . کە ناو بەناو دەنگی (شاباش) دەهۆڵو زوڕناکەی ڕادەگرت .. خەڵکەکە لە گەرمەی شاییکردنو سێچۆپی بوون .. ](٢)

حەسەنی قزلجیش لە چیرۆکی (کەشکۆلی جادوویی ) دا زەماوەندی ناسکۆڵو وەیسە دەگێرێو سێ ڕۆژ بـە تەقەی دەهۆڵو زوڕنا کوڕو کچو پیـاو ژنی ئـاوایی هەمە چەشنە هەڵپەرکێی کوردی هەڵدەپەڕن(٣)

لە چیرۆکی ( شاییەکەی ڕەشـەی خەجەلاو ) ی عەلادین سەجادی دا کاتێ [ کوڕو کاڵ سەیریان کرد وا ئاغا چوو بۆ ناویان ئیتر لە خۆشیانا سێ پێیو ( فەتاح پاشا ) دایانگرت ئاغە جاو جار ڕووی ئەکردە « شـاکل » ـ سەرچۆپیەکەی بە دەستەوە بوو ـ ئەی وت : ها ! شـاکە ! لام وایە هەڵبەرکێت لە بیرچۆتەوە .. چاك گەرمی ناکەیت ؟! شـاکەم شاکە بوو کەگوێی لەم گفتو لفتە ئەبوو ئەوەندەی تر شێت ئەبوو ! .. قوڕ بەسەرە خۆی پڕووکان ](٤)

محەمەد سالح سەعید لە چیرۆکی ( شمشالی شوان)دا لە جیاتی دەهۆڵو زوڕنا . شمشـالی کاکلی شوان بە کاردێنێ و چ بۆ هەڵپـەرینی کچکەلی نێو دەشتو دەرو لـەکاتی کنگر هەڵکەندنو کارکردندا و چ بۆ زەمـاوەندەکەی خۆی لەگەڵ خەرامان دا(٥).

لەم چیرۆکەدا بەڕاستی شوانێکی گەنجی کورد بە هەموو

ڕەفتارێکی ڕەسەنی گوندە وە دەبینین .. شوانی لای ئێمە لەزۆر ڕووەوە تایبەتێتی خۆی هەیە .. ڕەنگە شمشاڵەکەی دەورێکی گەورەی هەبێ ، ڕەنگە شوانیتر ڕەبابە بەکار بێنێ .. یاشوانی ولاتانی دوورتر ( کاوبۆی ) نـاو بێت .. ئەوا لـە جیاتی کالۆك تفەنگەو ئەسپی پێیەو لە جیـاتی شمشالیش گیتار .. ئیتر شوانی لای خۆمان کە شمشاڵو کالۆکەکەی واز لێهێناو تفەنگی کردە شان .. ئەوا دەبێتە شتێکی ترو نـاوێکی تری لێ دەنرێت .. وەك لـە چیرۆکی ( شـوانو شوێنەوار ) ی ڕەوف بێ گـەردا بەدی دەکرێت .. ئەو کاتە .. لەژینی سـادەو سـاکاری نێو مـەڕو ماڵاتـەوە دەچێـتە نێو ژینێکی نـوێی‌ی پڕ لـە تـاقیکـردنەوەی خـەمو ئـازارو ئـەندێشـەو خـۆشیو ئومێـدەو زیـاتر ئـاسۆی بیـرو لێکدانەوەی فراوان دەبێت و شوانیەکەی گەورە تر دەبێت .. [ لە بەرنازی چـاوەکانت شوانییـەکەم گەورە تر دەکەم ، شمشالەکەی بەر پشتێنم بەشتێکی قورستر دەگۆڕمەو ]<sup></sup>(٦)

نێرگز ڕنین .. کنگر هـەلکـەندن .. بنـە گۆزروانو کووزەلە و بەنگۆکەو .. هتد .. ئەمانە شتی تایبەتین بـە ئاوو هەواو سروشتی مەلبەندەکەمانەوە .. بەتایبەتی نێرگز هەر هیچ نەبێ بەنـدە بە زەوقی میللیمـانەوە .. لە ولاتانی تردا گولی ڕەنگاو ڕەنگ دەکرێتە دیاریو دەفرۆشرێت .. لای ئێمە نێرگز .. منداڵان سەرەڕێ بە ئوتومبیلو ڕێبواران دەگرنو چەپکە نێرگزیان پێ دەفرۆشن . کێژان تەلە نێرگزو تەلە ڕیحانە لە پەرچەمو ئەگریجەیان دەدەن .. یا دەیکەنە دیاری دەست .. لە چیرۆکی ( شمشـالی شوان ) دا محەمەد سـالح سەعید بایەخێکی تایبەتی بەم گولە جوانو خۆشو کەم تەمەنە دەدات .. کچەکەل دوای کنگر هەلکەندن [ گەیشتنە ناو نێرگزە جاڕەکەوە دستیان کرد بە کۆل دانانو کەوتنە نێرگز ڕنینو هەموو یێکێ باوەشێکی چاکیان کردو هاویشتیانە ناو کۆلە کانیانەوە ](٧)

شـیرین . ك لە چیرۆکی ( چەپکێ نێرگزی تایبەتی )دا نێرگزی کردۆتە دیاری دەستی دلداران .. (دارا)ی پالەوانی چیرۆکەکـە لە سەبەتـەیێك دا نێرگز دەفرۆشێت .. بـەلام چەپکێکی تایبەتی بۆ ئەو کیژە نازدارە خوا پێداوە داناوە کـە خۆشی دەوێت .. بوێی تایبـەتیـە چونکـە تـاقە گـولالە سوورەیێکی تێدایە.. کە کێژولەکە دێت وەك دیاری نای‌بات.. بەلکو پارەی بۆ فڕێ دەدات .. دیارە .. بە ئاشکرا دیارە .. خۆشەویستی هەقی بەسەر خۆمالی‌یەوە نیە .. خۆشەویستی بەدەنگ هەستو سۆزی نەتەوایەتیـەوە نایەت .. بوێ لە ڕۆژی داهـاتوودا دارا سەبـەتەکـەی پڕ دەکات لە چـەپکە نێرگزی چون یێکو هی تایبەتی تێ ناکات ..(٨)

لە ڕەوشتو نـەریتە کۆمـەلایەتیەکانمـاندا .. گەلێ ڕەفتارو بڕوای تایبەتیمان هەیە .. هەر لە چونە سەر مەزاری شێخو مەرقەدو دووعاو نوشتەوە .. کە حەسەنی قزلجی لە چیرۆکی ( نوشتەکەی ئامینەخان )(٩) داو حەمە ڕەشید فەتاح لە چیرۆکی ( پیاو چاك )(١٠) دا د. کاوسی قەفتان لە چیرۆکی نزای سێ بەسێ )(١١)و ( توورەکـە )(١٢) داو هـەروەهـا چیرۆکنووسانی تریشمان پەردەیان لە سەر ناواخنی ساختەو پووچو چروکی ئەم ڕەفتـارانە هەلداوەتـەوە .. تا دەگاتە [ کلك بڕینو ئەتك کردنی ولاغ ](١٣) وەك لە چیرۆکی ( سێبەری ئەسپە شێ)ی محەمـەد فەریق حەسـەن دایـەو خوویێکی باوی نێو کۆمەلەکـەمـان بوە بۆ تۆلە سەندو دەستدرێژی کردنیش ..

د. مارف خەزنەدار لە چیرۆکی ( دلداری قەدەغە نیە)دا باسی کچ هەلگرتن یا ڕەدوو کەوتن دەکات(١٤) کە ڕەفتارێکی زۆر تایبەتی‌یە لە ناوچەیێکی کوردستاندا .. جگە لەمەش هەر لەو چیرۆکەدا ئیدانەی مارە بڕینی منال لە پشتی بێشکەدا دەکات ..

شـاکیر فەتاح لە چیرۆکی (چەقاوە سوو)دا باسی دەستو دلفراوانی گەلی کوردمان دەکات وەك ڕەوشتێکی ڕەسەنی نێو کوردەواریو دەلێ !

[ میوانـداریی لە کـوردەواری دا ئەمـەندە باوە کەس ناوبانگی بەدەست بلاوی دەر ناچێ .. تەنیا چرووکو دەست ووچاوەکان لە ناویان داناودەر ئەکەن .. بۆ پیاوەتیو بەدەورو پشتا هاتنی میوان : ناسیاو بێ یان نەناسیاو .. هەژارەکانیش وەك دەولەمەندەکان میوانداری‌یـان گەیـاندۆتە ئەو پـەڕی چاکی .. هەتا هەندێ جار وابوە کە خانە خوێ خۆی دوو جـاری قـەردو نابووتی کردوە بـەلام میوانی لە مـال دەر نەکردوە ](١٥)

هەر لەو نەریتە باوانەی لە نێوماندا هەبوو ..

[ ئاهەنگی سەمەنی لێنانە لە شەوی نەورۆزا ](١٦) کـە محەڕەم محەدئەمین لە چیرۆکی ( گردی شەهیدان دا باسی کردوەو چۆن لەو شـەوەدا دەکرێتە شـاییو هـەلپەڕکێی ڕەشبەلەکو ... هتـد سـەرە ڕای ئەوەی لە چیرۆکەکانی تریدا باسی سـەیرانی ئـەزمرو بلکیان دەکاتو پەنجـە بۆ مەولووی ڕادەکێشێ ..

ئەو نموونانەی تا ئێستـاکە خستمـانە بەر چاو .. پالەوانە خۆمالی‌یەکانیـان سـەرە ڕای ڕەفتـارو گفتـاری کوردانەیان هەموویان هەر بەبەرگو کالای کوردی‌یەوە بوون.. هەر لە هی ژنانـە تا دەگاتە پیـاوانە .. هەر لە دەسماڵو

کەواو سوخمەو فەقیانەو پانی بەرز .. تا دەگاتە ڕانکو چۆغەو شرواڵو مرادخانیو کڵاو و جامانەو کەوشو کڵاشو پشتوێنو هتد ..

حسێن عارف لە چیرۆکی ( چاڵی جەرگی بیرێژن )دا ئەم گفت و گۆیەمان پێڕادە گەیێنێ :

[ ــ ڕانكو چۆغەیێكو جووتێ كڵاشی دۆمی ؟

ــ با ببینم .
ــ ڕانكو چۆغەی لە بەرابوو ؟!
ــ نەء .
ــ پێویست ناکات ](١٧)
هەروەها

[ ــ ئەبێ خەڵكی ناو شار نەبێ

ــ بەجاش کەوشەکانیا لە لادێیی ئەچێ ](١٨)
هەروەها

[ــ پشتێنێکی چیت کودمری ڕەشباو

ــ بەقوربانی دەمت بم
ــ شرواڵو ستار خانی یێکی ..
ــ نەء .. توخوا نەء .. ](١٩)

جەمال بابان لە چیرۆکی ( خانزاد ) دا وێنەیێکی فتوگرافی ڕەنگاو ڕەنگی تەواوی ئاغایێکی کورد دەگرێ .. بەم شێوەیە :

[ دەمانچەیێکی بەرە بێلی لە خۆی داوە ، خەنجەری دەبانی کردوە بە قەداو تەزبیحی کارەمانی دەنك زەردی لە مستوەکەیەوە ئاڵاندوە .. دەسە سڕی سووری ئاوریشمی کردوە بەبەر پشتێنەکەیا ](٢٠) .

دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم شانو شەوکەتو بەرگو دەبدەبە هی جوتیارێك یا مسكێنێك نیە .. بەڵكو هی ئاغایێکە .. ئەوەی مسكێنەكەش لەبەری دەکات هەر ناوی بەرگی کوردییە .. لە هەندێ ڕووەوە لەوەی ئاغاکە دەچێت .. بەڵام چ قودمرەتە لە گرانبەهاییو فشو فۆڵی دا لەو بچێت؟! خۆ ئەگەر هاتو لە هەموو ژیانیدا تەنیا جارێك شەرواڵو مراد خانییێکی فشوفۆڵی فاسۆنی لەبەر کرد .. ئەوا دەبێ لە ( ڕۆژی ڕوونا ئەستێرەیێك ) نیشانی ئاغا بدات .. یا خود دەبێ بە پشتوێنەکەی سەرەو خوار بەدارا هەڵواسرێت .. وەك لە چیرۆکی ( ئەستێرەیێك لە ڕۆژی ڕوونا ) ی محەمەد فەریق حەسەندا هاتووە .. ئەوەتا ئاغا بە مسکێنەکەی دەڵێت :

[ ئێ میرم .. بووی بەو پیاوەی جلو بەرگ لە هینەکانی من بکەی ؟ ها ؟ دەسا دەبێ بخۆی بەدەستم ](٢١) . هەر محەمەد فەریق حەسەن لە چیرۆکی ( قولاپی چاوەکان ) دا نازەنینی حەمە گەرمیانی بە بەرگی سادەو نازداری کوردییەوە نیشان دەدات .. سوخمە .. کۆلوانە .. گۆو بەرۆك .. کوژەکە .. تەڵە ڕیحانەی لە قژدراوو بە هەنیەدا شۆڕ بوەوە.. هتد(٢٢) کرێکارە کوردەکانی چیرۆکی ( تونێلی دەربەندەکە ) ی کاکە مەم بۆتانی بە بەرگی کوردییەوەو بە ( کڵاو و جامەدانەی ڕەش هەڵکەڕاوی چڵکنەوە )(٢٢) کار دەکەن .

هەروەها لە چیرۆکی (بەردیش بەرگەی ئەم ئازارە ناگرێدا، کێژۆڵە تەفرە دراوەکە (پانی بەرز)(٢٣)ی لەپێ دایە ..

کۆڵەکەیێکی گرینگی تری خۆماڵیێتی چیرۆکی کوردی سوود وەرگرتنە لە مێژووی دوورو نزیکمانو ئاوێتە کردنی خەباتو تێکۆشانو بەسەر هاتەکانی میللەتەکەمان بەکارە هونەریەکەوە کە لە مەدا زۆر جار وای لێهاتووە وشەی کوردو کوردستانو ڕاستەو خۆ بەکار بهێنرێت .. یاخود ببێتە ناونیشانی چیرۆکەکان وەك ( داغستانی من )(٢٤)ی ڕەسوول هەمزاتەڤو .. بەم جۆرە :

( شڤانا کورد ) ی عەرەبی شەمۆ ، ( نازدار ، یاژنی کورد لەلادێ )ی محەمەد عەلی کوردی ، ( بەڵام کوردم ) ی د. کاوس قەفتان ، ( قارەمانی ئافرەتێکی کورد ) ی أ. ب هەوری .. ( کورد تەڵاقی ناکەوێ ) ی د. مارف خەزنەدار .. هتد ..

ئەمانە وەك ناونیشان .. بەڵام ناوەڕۆكو مەبەستی ئەو چیرۆکانەی لاپەڕەیێك لە خەباتو مێژووی کورد باس دەکەن .

محەڕەم محەمەد ئەمین لە چیرۆکی ( گردی شەهیدان ) دا باسی ڕاپەڕینە خوێناوییەکەی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ دەگێڕێتەوە کە چۆن پیاوان لە سەنگەرو ناو شەقامەکاندا بە چەك هەڵمەتیان بردوەو ئافرەتانو منداڵانیش لە کۆڵانەکاندا بەکوتەك خرکە بەردو پانی بەرز ڕوو بەڕووی داگیر کەران بوونەتەوە(٢٥) هەروەها لە چیرۆکی ( شای قەرەجەکان ) دا .. سەرەتا دەسنیشانی گەڕەکی ( هۆمەر مەندان )ی سلێمانی دەکات و ئەمجا باسی خەباتی نهێنی لاوانی کورد دەکات ... شای قەرەجەکان لە نێو دەواری خۆیانەوە گوێی لە قسەکانی لاوە کوردەکانی دەبێتەو هەستی نیشتمانیو نەتەوایەتی دەبزوێو بە ڕاوی چیرۆکە کە دەڵێت :

[ لەو ڕۆژەی کە تۆو چەند هەڤاڵێکی ترت .. لە نزیك نیشتەجێ کەی ئێمە .. لە پەنا دار گوێزەکەدا دادەنیشتن .. منیش لەو دیو تانەوە گوێم لە گفتو گۆتان بوو .. لە بارەی نەتەوەو نیشتمانەکەتانەوە ڕێکاو پلانتان دا دەنا .. بۆ ڕزگاری لە دەست داگیر کەران .. لەو ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت کە ئێمەی

ئەرەج مرۆڤ نین .. هتد ](٢٦) .

د. ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) دا چیرۆکی حەباتی نەتەوایەتی‌و چینایەتی میللەتەکەمان دەخاتە بەرچاو لە سەردەمێکی زۆر ناسکی ژیانی گەلی کورد دا کە ئەویش سەردەمی کۆماری ( مەهاباد )ە لە کوردستانی ئێران دا .. ئەم چیرۆکە بە تەنیا لێکۆلینەوەیێکی تایبەتی هەلدەگرێت لە خۆمالێتی‌دا .. چونکە تەنانەت دیالیکتە جیا جیا کانی زمانی کوردیشی لە چەند لاپەڕەیێك دا و لە سەر زمانی پالەوانانی بەکار هێناوە .. سەرە ڕای زوربەی لایەنەکانی تری گوزمرانی میللەتەکەمان .

د. کاوس قەفتان لە چیرۆکی ( بەلام کوردم ) دا مێژووی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە کە میللەتی کورد بەهۆی شۆڕشەکەیەوە شۆڕشی ئاگری داغ )ەوە .. چۆن گەورەترین ستەمیان بە دەستی تورکەکانەوە چەشت .. بە جۆرێك هەرچی ناوی کورد بوایە دەیان کوشت(٢٧) .

لە چیرۆکی ( دیناری ئاغا ) ش‌دا دکتور کاوس بە عالەمی ئاشکرا بانگی صافی نەتەوایەتی کورد دەدات و لەسەر زمانی پالەوانەکەیەوە دەلێت .

[ داوا دەکەین کە تۆو منالەکانی تۆ بەکوردی بدوێن‌و بنووسن‌و بخوێنن .. بێ سل کردنەوە بلێن کوردین‌و نەوەی ئەم شاخ‌و هەردەین(٢٨) .

چیرۆکی (ڕاوە بەران )یش ڕاو کردن‌و کوشتنی خێزانێکی هەژاری کوردە .. هەر بۆ ئارەزوو چەند تۆپێکیان پێوە دەنێن(٢٩) .

ئەم لایەنانە بە شێوەیێکی ڕاستەو خۆ لە چیرۆکی ( دوانزە سوارەی مەریوان )ی پیرە مێرد ( ڕێگای ئازادی ) محەڕەم محەمەد ئەمین دا و .. هتد دەر دەکەوێت .. هەر وەها بە شێوەیێکی هونەری لە چیرۆکی ( جەوهەر ئاغا )ی عەلادین سەجادی و ( شاری خامۆش )ی کاکە مەم بۆتانی و ( هەلپەرکێیێك لە بلکیان ) ی محەرەم محەمەد ئەمین‌و ئاسوو دوو چاوی لێلی ) محەمەد مەولود مەم و ( ژانی گەل ) ی بلەو چالی جەرگی پیرێژن ) ی حسێن عارف دا دەر دەکەوێ ..

حسێن عارف بە تاقە دێڕێکی زۆر پوخت .. لە چیرۆکی ڕووی کردەوە شاخ ) دا لە سەر زمانی پیرە مێردێکی دنیا دیدەی زۆر بۆ هاتوو دەلێ :

[ شەرە گەڕەك‌و ئازایەتی .. سەفەر بەرو مەردایەتی شێخ مەحموود و کوردایەتی .. بەر دەرکی سەراو لێزمەی دەسرێژی مەترە لۆز .. ](٣٠) .

وا بزانم پێویست ناکات ناوی پالەوانەکانی چیرۆکی کوردی باس بکەین .. چونکە تەنیا چیرۆکنووسێکی وەك حسێن عارف بەتەنیا خۆی سەدان ناوی پالەوانی جیا جیای هەیە .. بە شێوەیێکی گشتی ناوی پالەوانی چیرۆکی کوردی یا ناوی کوردی پەتین یا ئەو ناوە عەرەبی‌و ئیسلامیانەیە کە زمانە کەمان دا تواونەتەوە وەك .. قالە..حەمە..عەزە .. عەولا .. مچە .. نەسە .. ڕەشە .. بلە .. هتد یا ئەوانەیە لە فارسەکانەوە تێکەلاوی ناوی کوردی بوە .. وەك .. ئافتاو .. خورشید .. جەمشید .. خەسرەو .. هتد .. یا ناوی شارو گەڕەك‌و گوند‌و شاخ‌و ئێل‌و عەشرەت .. کە چیرۆکەکانی حەسەنی قزلجی بەشێکی زۆری لێ ناو بردوون محەمەد فەریق حەسەن لە دوو دێڕا کۆمەلێکی باشی لێ کۆکردونەتەوە لەسەر زمانی ئاغای مۆریاس لە چیرۆکی (سێبەری ئەسپە شێ )دا دەلێ :

[ شێخەلی شێ حوسێنی بەرزنجەو شەهێن بەگی شاهۆ بەگی هەورامان‌و مشیر ئاغای سابیر ئاغای هەموەنیان کردوە بە مودیر ناحیە ... منیش لەئێستاوە مودیری ناحیەی مۆریاسم ](٣١).

کۆلەکە هەرە گرینگەکەی خۆمالی زمانە .. زمانی کوردی .. مەبەستمان لە زمان زۆر شتە .. بە کورتی هەموو لایەنەکانی زمانە .. پەندو ئەفسانەی کوردی گێڕانەوە .. گۆرانی فۆلکلۆری قسەی نەستەق .. زاراوەی تایبەتی .. جوانکاری‌و ڕەوانی زمان لە نوسینی چیرۆك‌دا و کە مەندکێش کردنی خوێنەرو خۆشەویست کردنی زمانی کوردی لەلایان ..

[ هەبوو نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو ...

وادی بە وادی .. تەختی مرادی ](٣٢) ئەمەدەست پێکردنی چیرۆکێکی کاکە مەم بۆتانی‌یە بەناوی ) لە ئاهەنگی ڕاوی هەلوی ناو زۆنگاودا ].

( بابە خولێ گێژم مەکە )(٣٣) لە چیرۆکی بازنەدا ( هەناران‌و مەناران .. یاخوا داکاتە باران .. بۆ فەقیرو هەژاران )(٣٤) لە چیرۆکی ( بەردیش بەرگەی ئەم ئازارە ناگرێ)ی کاکە مەم‌و چیرۆکی (خانزاد)ی جەمال باباندا حەمە وەیسی پالەوانی چیرۆکی ( سەیرانێك لە ئەزمڕ)ی محەڕەم [لەو لاوە لەسەر زگ پال کەوتبوو .. لەبەر خۆیەوە ( گورانی ) یێکی هەورامیانەی دەوت ](٣٥).

( ئامۆزا تۆ بالا بەرزی .. ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی](٣٦) ە ( چیرۆکی گۆشەیێك لە ژیانی ( رەعنا )ی ئەحلام مەنسوردا دەوترێت ..

[ سنجانی‌و سنجانێم حەریرە .. پاو پووزی پەنیرە ...](٢٧) لە چیرۆکی (وەرزی کـەوبوار )ی محەمەد فەریق حەسـەن دا ..

کاروانچیـەکەی کاکـە مـەم بۆتـانی [حـەیرانی دەوت دەرۆی ](٢٨) هەندێ پەندو قسـەی نەستەقی کوردی هەیە .. ئەگەر وەك خۆیان وەریان گێرینە سەر زمانێکی بێگانە ڕەنگە ببێتە نوکتە ..

وەك ( لە گوێی گادا نوستووم )(٣٩)ی چیرۆکی (چـای شیرین )ی حسێن عارف .. یا (دەستی لـەبنی هەمانەکەوە دەرچوو )(٤٠)ی چیرۆکی (دوژمنەکەی مام قیتـەڵ) هەر ئەو هەروەها [ ئەسپێ لە باخەڵماناسە وزە لە گیانمی دەووت.. پێم نالێن ئێوە قنچکی پیازن یا سەلکی سیر ؟! کردبوویان و ڕۆژەکەی قـەرەوەیسی](٤١) کە لە چیرۆکی (سـەیرانێك لە ئەزمر)ی محەڕەم دا یە ..

زمانی تەڕو پاراوو سەرنج ڕاکێشەری نووسەرانی وەك بلەو سەجادی‌و شاکیر فەتاح‌و حسێن عارف‌و محەمەد فەریق حەسەن‌و ... هتد .. بە جۆرێ خوێنەر کەمەند کێش دەکات کەوا هەست بکات بەرامبەر تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی نێو سروستە دلفرێنەکەی کوردستان وەستـاوە .. نەهـەست بە قۆزتەو گرێ دەکەیت‌و نە بە هەناسە سواری .. دەڵێی بارانی پەڵەی پاییزەو دەڕژێنـە نێو وەردو دێراوەکانی لاپـەرەکانەوە .. لەوێشەوە بۆ نێو دڵی خوێنەر .

عەلادین سەجادی لە چیرۆکی ( لەپێناوی ئافرەتا ) بەم جۆرە دەچێتە نێو باسەکەوە :

[ تافی هەرزە کاریمە .. تازە خەتم داوە .. ئێجگار کە ناوی خۆمم بیستۆتەوە کەس لە ژوور خۆمەوە نابینم سەر لەبەیانی‌یێك هەستام .. خۆمم ڕازاندەوە .. زرێ‌و تاسکڵاوم لەسەر کرد .. شیرو تیرم لەخۆم نا .. مەتاڵم خستە گازی پشت‌و ڕم بەدەستەوە . ماینێکی ڕەشبۆرم هەبوو ، پەلی لە ئاسمان ئەکوتا : سوار بووم‌و .. ڕووەو دەشـت بـە شوێن نێچیریکا .. تووشی ئەم کارەساتە بووم ..](٤٢)

هەروەها لە چیرۆکی (جـەوهەر ئاغـا)دا ئەم وەسفـە بێگەردە مان بۆ دەکات :

[ دەمە دەمی ئێوارە بوو . خۆمان کرد بەناو شارا .. زیڕەی زیل‌و زەنگۆلی پێشـەنگی قـافلەکەمـان‌و جـوانی‌و تەنتەنەی جل‌و بەرگی خۆمان‌و پڕمە پڕمی وڵاغی کاروانەکەمان هەموو ناو شاری تەورێزی هێنابوە سەیر کردنمان ..

تیشکی ڕۆژەکە کە ئەی دا لـە هەیـاسەو تەیـاسەی زەڕکەفتی پێشەنگەکە .. ئەتوت پڕ زۆلەی زێڕ بڵاو ئەکاتەوە لەو ناوە دا .. دلبەرانی تەورێزی نە ئەمە بوو چـاو ببڕنە خۆمـان .. نە ئەمـە بوو سەرسـام بن لە ڕازاوەیی بنەو بارگەکەمان ...](٤٢)

ئەم جوانکاریی‌و زمانە سفت‌و سۆڵەی چیرۆکی سالی چلەکان .. زۆر بە دەگمەن‌و تاك‌و تەرا ئێستاکە لە چیرۆكدا دەیبینین .. یێکی لەو چیرۆکنوسە دەگمەنانە کە ئەو زمانە پاراوە لە زوربەی چیرۆکەکانی‌دا بەکار دێنێ‌و بە شێوەیێکی هونەری ئەو سەردەمەمان دێنێتەوە یاد .. محەمەد فەریق حەسـەنە : بەم وشە پـاك‌و بێگەردانە سـەرەتای چیرۆکی ( قولاپی چاوەکان ) دەهۆنێتەوە ..

[ ئێی نازەنینی حەمـە گەرمیـانی .. بۆ چوویتە ناو ئاوێنـــەکەتەوەو ڕازەکانتی لادەدرگێنی .. تــا دوێنێ بــوو لەگەڵ هەتاوی برژێنـەری گەرمیـان‌دا سەرتۆپی نـاوچەکە بووی .. کە پرچەکانت سێبەنگی دەکردو بەسەر کۆلوانەکەت‌دا دەکەوتنە جۆلانە..هەناوی کور گەلی ئاوایت بەر دەدایەوە .. کەمەند کێشی زەردە خەنەیێکت بوون ..](٤٤)

ئەمجا با ئاوڕێك لەو چیرۆکانە بدەینەوە کە زوربەیان بەنـاوی نوێخوازی‌و ڕوانگـەیی‌و ئەدەبی سەردەمـەوە وەك حوشتری لاوەکی کەوتوونەتە نێو چیرۆکی کوردیمانەوە بزانین بە هیچ تاوە دەزوویێکی قرچۆکیش بەم مرۆڤی کوردو ئـاوو هەوای مەڵبەندمانەوە بەستراونەتەوە ؟! ڕەنگە هەر ئێستاکە ( چیرۆکنووسێك !) ی هـاوچەرخـم لێ ڕاپەڕێ‌و بلێ : ئۆ هۆو .. ئەم هەموو بگرەو بەردەیەو سەر یەشەیەی بۆچی‌یە ؟! سیماو مۆرکی خۆماڵێتی تەنیا خۆ دابرین‌و خۆ جیاکردنەوەیە لە مرۆڤانی تری ئەم دنیایە .. بیرکردنەوەو هەوڵدانێکی بێ سوودە بۆ ڕاگیر کردنی ڕەوڕەوەی بـەرەو پێشـەوە چووی شارستانێتی .. بوارو دەرفەت تەنگەبەرو تەسك دەکاتەوە لە بەردەم نووسینی ئەدەبێکی مرۆڤایەتی و جیهانی دا .. بـا ئەدەبێکی مرۆڤایـەتی‌و جیهـانی بنووسین .. بـا ئاسۆمان فراوان‌بێ .. چیمانە بەسەر خۆماڵێتی‌و مۆماڵێتی‌یەوە ..

یا چیرۆکنووسێکی ڕۆشنبیر بێت بە قەناعەتی زیاترەوە بلێت :

باشە دەکرێت هەر چیرۆکێکمان نووسی پڕی بێ لەخەنەو وەسمەو دۆ کلیوو پاڵەوانەکەشی بەکەوش‌و کڵاش داپۆشین‌و لەتەك دەهۆڵ‌و زوڕنادا بیخەینە هەلەکە سەماو هەرچی پەندی پێشینان هەیە هەمووی بلێ‌و لـە نەورۆزا سـەمەنی بخوات‌و لەشەودا خەریکی ساوەر کوتان بێ یا کولانان بکوتێ‌و لەخڕەی نێری نێری بلێ‌و بەڕۆژ ناتری حەمامی سوورەت بێ یا گەزۆو

ئەبزینە بفرۆشێتەو دوایی لەشەڕی شیخ مەحمودا بەشداری بکاتەو .. هتد .. ئەگەر ئاوا نەبێ ئیتر چیرۆکەکەمان بەکوردی ناژمێرن .. کاکی خۆم .. برسی لە جیهان دا هەر برسی‌یە.. خەفەتەو تازێ بـاری لای گشت مرۆڤ دلگوشرانەو کۆست کەوتنە .. خۆشەویستی‌و ڕق دوو هەستی جیاوازی مرۆڤن‌و هی هەموو مرۆڤن .. زوربەی پەندو ئەفسانەو داستانەو نەریتە باوەکان لە نێو نەتەوەکانی دنیادا لەیێك دەچن .. ئەوەنیە هەر لە ڕۆمانی ( سەعاتی بیستو پێنجەم ) ی کۆنستانتان جۆرجێوی رۆمانی دا .. باسی ( شوومی کوانە پەپوو دەکات )(٤٥) کەلای خۆشمان هەروایە .. باسی (بووك گواستنەوەی لادێ بە ئەسپ دەکات لەگەڵ ( شاباش ) هەڵدان بەسەریدا )(٤٦) وەك لای خۆمان .. باسی ( ئەستێرەکشان دەکات وەك بڕوایێکی میتافیزیکیانە کە لەو کاتەدا مرۆڤێك دەمرێت )(٤٧) وەك لای خۆمان .. تەنانەت باسی ( کیژانی سەرکانی‌و گۆزەی سەرشانیان دەکات )(٤٨) وەك لای خۆمان ..

بەلێ .. ئەی ئەوە نیە ورده ورده بەرگی کوردی دەگوررێت .. مسکینەکان لە کارگەدا بەدلەی کریکار لە بەر دەکەن‌و ئاغاکانیش بەرەو ئەوە دەچن شەپقەش لە سەر نێن .. بەرەو پێشەوە چوون‌و گەورەبوونی شارو قەرەباڵغی نە( عەیبە ) دەهێلێت‌و نە ( خۆمالێتی ) .. خەفەتو ئازاری چەوساوەیێکی کورد زۆر لەهی چەوساوەیێکی تری دنیا دەچێ .. هەروەها برسێتیشی .. کە ئاغایێکی کورد بەهۆی ڕۆژووەوە برسی دەبێت وەك سەرمایەدارێکی ئەوروپاو ئەمەریکا وایە کە بە هۆی ( ڕیجێم )ەوە برسی دەبێ .. تازێ باری چەوساوەو هەژارانی کوردو دنیا ڕەنگە هەر بە بەرگە ڕەنگاو ڕەنگە کۆن‌و چلکنە کەوە ببرێتە سەر .. بەلام هی خوا پێداوانی کوردو دنیا ڕەشپوشن‌و قاتی نێومالو چوونە گەڕانی رەشیان بەجیا هەیە . ئەوان بیر لە قەرزاری پاش تازێ کە دەکەنەوە .. ئەمان بیر لە میرات دابەشکردن دەکەنەوەو لە ئاهەنگێرانێك دەچێت .. لایەنێکی ئەم ڕەفتارە لە چیرۆکی ( بابەنۆئیل تۆراوە ) ی عەبدوللا عەزیز دا دەبینین کە دایکی ( شوانە ) رەشپۆشەو کەچی ئاهەنگی جەژنی لە دایك بوونی شوانە دەگێرێ(٤٩)

هەروەها شارستانێتی کارێکی وای کردووە کە ئەو دلداریە سادەو ساویلکانەیە ( چای شیرین ) ی و پڕ لە ڕەفتاری خۆمالیانەیە .. وەك خۆی نەمێنێ .. هەروەها دلداری یەکەی ڕەعنای پشت دەرگاکەو سەرەتاتکێی لەگەڵ قالەدا لە چیرۆکی ( گۆشەیێکی ژیانی ڕەعنا )ی ئەحلام مەنسوورو ئەو دلداریە سادەیەی چیرۆکی ( دوا پێکەنینی ) د. کاوس قەفتانو .. هتد هەموو دلداری و چاو برکێ کانی سەر ڕێی کانی‌و سەر گویسوانەکانو پشت دەرگاکانو گورانیەکانی کوڕ گەلی گەڕەكو پیا هەڵدان بەسەر کچگەلدا .. هەمووی بەرەو پووکانەوە دەچن‌و چوون .. ئێستاکە تەلەفون کاریەو نامەو ژیانی نێو زانستگاو شەوانی دانسی سەری سالو دایەرەو کارگەو .. هتد جێگەی ئەوانی جارانی گرتۆتەوەو درکاندنی هەستی خۆشەویستی زیاتر شێوەیێکی ڕاستەو خۆیانەی وەرگرتووە وەك لە چیرۆکی ( خاچ )ی محەمەد فەریق هەسەندا دەبینین ..

هەر وەها .. شایی‌و هەلپەڕکێ‌و پۆستەو ئیدارەو هەموو هەیتەو هووتێکی زەماوەندی بووك گواستنەوە .. وا بە بەر چاوی خۆمانەوە بۆتە ئوتومبیلێكو یێك دوو هەفتەی ژیانی نێو ئوتێلێکی پایتەخت .. یا کابینەیێکی هاوینە هەوارێك .

ئەوا جارێکی تر دووبارەی دەکەینەوە .. مەبەست لە خۆمالێتی چیرۆکی کوردیمان .. هەر وەها مەبەستی ئەم نووسینەمان ئەوە نیە باری سەرشانی چیرۆکەکانمان بەشتە خۆمالیەکانەوە گران بکەین مەبەستمان ئەوە نیە هەناسە لەبەر پالەوانانی چیرۆکەکانمان ببڕین هێندە پەستەكو کولە بالو کۆلوانەو .. هتدیان بەسەردا بدەین مەبەستی سەرەکی ئەم باسەمان شتێکی ترە :ـ

دەمەوێ بلێم تۆ چیرۆکنووسێکی کوردیت .. لە نێو نەتەوەیێکی دواکەوتووو لە بارو دۆخو سەردەمێکی مێژوویی زۆر تایبەتی دایتەو دەنگت بە هیچ لایێکدا ناگات .. ئەگەر لەو بڕوایە دایت کە ئەمڕۆ بەرهەمێکی ئەدەبیت نووسی‌و سبەی لەجیهاندا دەنگ دەداتەوە.. ئەوە بەتەنیا خۆت هەلدەخلەتێنیت .. با بەراستی پێت بلێم .. ئەو بەرهەمەت یێکەم کەسێ کە دەیخوێنێتەوە .. خوێنەرێکی کوردە کە بە هەموو ئیحساسیەوە لەو بارە مێژوویە تایبەتیەدا دەژی ..

جا ئەگەر ئازارو ئەندێشەکانی ئەو خوێنەرە کوردە لە چیرۆکەکەتدا نەبوو .. بابەتێکی نامۆت هێنا ..ئەوا خۆشت دەبیتە چیروکنووسێکی نامۆ بە میللەتەکەت .. ئەگەر دەتەوێت تاقیکردنەوەی خەباتو تێکۆشانی میللەتانی ترمان لە چیرۆك دا فێر کەیت ئەوا لەسەر سەرمانو نموونەی وەك چیرۆکی (تۆلە سەندن‌و لە ولاتی قارەمانانا )ی بلەو ( بووکەشووشە ) ی د. مارف خەزنەدار و .. هتد .. گەرچی هیچ نێوەندو پالەوانێکی خۆمالیانەیان تێدا نیە .. بەلام لە دەیان چیرۆکی بەناو کوردیی ئەم سەردەمەمان سوود بەخش‌ترو ڕێی ڕاست نیشاندەر ترن ..

دەمەوێ بلێم هیچ نەتەوەیێك بە قەدەر میللەتەکەی خۆت پێویستی بە نووسینی تۆ نیە .. کە خوێنەری کوردت لە خۆت تۆران .. هەرگیزاو هەرگیز ئافەرینی هیپیەکانی ئەوروپات گوێ لێ نابێت .. دەزانیت چیرۆکنووسی کوردمان هەیە بە

خوێنەری کورد دەڵێت .. ( هەی ) .. هەی .. گوێدرێژ(٥٠) تەئسیرو لاسایی کردنەوەی چەند نووسینێکی بێگانە .. بە چیرۆکو ڕۆمانو هەروەها چەند مۆدێلێکی نوێی فەرەنسایی.. بە شێوەیێکی شەلو کوێرو سەقەت دەخزێنرێتە نێو چیرۆکی کوردیەوە .. نەك هەر زەوقو میزاجی چیرۆکی کوردی تێك داوە .. بەڵکو لە ئاستی زەوقو میزاجو هونەری هیچ چیرۆکێکی بێگانەشدا نیە ..

عەبدوڵلا سەراج هەر بۆ نیشاندانی پلەی ڕۆشنبیریو زانیاری خۆی لە ٤٠ ـ ٥٠ لاپەڕەی چیرۆکەکانی ( مردوو خەون نابینێ ) دا فەرهەنگوکێك ناو و زاراوەی ئەوتۆی بەکار هێناوە کە نەك خوێنەرێکی ئاسایی .. بەڵکو ڕۆشنبیرێك یا چیرۆکنووسێکی کورد بێنینو لەو ( وشانەدا ) تاقی بکەینەوە ڕەنگە تیای دا دەر نەچێت .

جارێ ئەوە [ فرۆیدو پیکاسۆو داروینو ئەنشتاینو هۆگۆو گوگوش ] ئەمانە هەر چۆنێ بێ شتێکیان لێ دەزانین ئێ .. ئەی ( سریالیو زۆرباو ئەنجیلۆو لۆغاریتم ] ئەمانەش بەهەر حاڵ.. ڕەنگە شتێکیان لێ هەڵکرێنین .. [ ئەنیمیاو گۆیاو ماسیلزو هەنری مۆرو مانشێت] .. ئەی [ پانۆراماو پانتومیمو تۆلاریمیاو هێرۆگلیفیو شامپیلۆنو ئۆناسیسو پرۆمیسیۆسو یەهوزاو کۆنتەرباسو تۆمای ئەکوینیو نجنسکیو ( انفصال الشبکی )و ( وسابعهم کلبهم )و ( لقطة قریبه ) زووومو ئیمیلیخاو نەیلۆفەرو گریکۆرساماو یۆنگو .. ك .. ڕۆپۆتو فسیۆلۆژیو میتامۆرفسزو ئارانجاو براکو میکلانجو .. هتد ] ..

ـ باشە ئەم ناوانە کێ باسیان دەکاتو لەکوێ دا .. ئایا پاڵەوانەکانی سەراج ( پزیشكو مێژوونووسو زاناو لۆردو فەیلەسووفو پێغەمبەرو هونەرمەندە ) ناسراوە جیهانیەکانن !؟ نەخێر .. ئەو ناوو زاراوانە ئاخنراونەتە کۆڕی [ کاکەشینو عەولاو زۆرابو گولچینو تۆفەی فاتەو ئافتاو و ئایشێو ئامەو حەمەو مەلا ڕەحیمو پورە مەنیجو .. هتد .. و بەدەم چای دیشلەمەو دۆکلیوو جگەرەی قامیشو دامەو سیاچەمانەو هەڵماتێنو میچێنو .. هتد .

ئەمە با لێرەدا بوەستێ .. ئەی محەمەد فەریق حەسەن بۆ ؟.. ئەمیش لە چیرۆکی ( دابەزین تا قۆناغی سێیەم قەدەغەیە )(٥١) دا پاڵەوانێکی ئافرەتی هێناوە .. کە دایکێکی کوردەو [ مشکیەکەی کەمەری ترازاندو بەسەر سرکەیەکەی دا کردیە لەچك ](٥٢) .. لەو لاشەوە ماملێ گۆرانی بۆ دەڵێ(٥٣) .. تا ئێرە کارە هونەریەکە زۆر ئاساییە .. بەڵام ئەوەندە نازانین بیرو هۆشو خەیاڵو ختوورەی ئەم دایکە کوردە دەفڕێ بۆ نێو مەڵبەندێکیتر دەکەوێتە دوان لەتەك کەسانێك دا کە بەخەویش نەی دیونو ناوی ئەوتۆ بەبیریدا گوزەر دەکات کە هیچ دایکێکی کورد بەتایبەتیو هیچ دایکێکی تری ئەم ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە بەگشتی نەتوانێ لە بەریان بکات .. وەك [ کەناری نانشواسۆو سیرامایستراو کەشتی ـ گراما ـ و چەتەولەکانی گریادی بیوەو هەزارەکانی لاپازو هاوڕێیەتی لەتەك ماریکویلاو بۆمبۆ ] ..

ئەوی ئاشکرایەو زانست ڕوونی کردۆتەوە ئەوەیە .. کە خەیاڵو بیرو لێکدانەوەی گشت مرۆڤێك لە سنووری ئەو زانیاریانە دایە کە تا ئەو کاتە کۆی کردوونەتەوە.. ئیتر کارم بەسەر وەحی بۆ هاتنە خوارەوەوە نیە .. ئەم چیرۆکە ئەگەر ڕەمزکاریی الێ دا تەکێنین وەك ئەوە وایە ( شەنگە بیری ) یێك ( کۆمپیوتەرێك ) مان بۆ دروست بکات بۆیێ لێرە دا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەموو سرکەییو پانی بەرزو ئاوازی کوردی بە تەنیا نابنە هۆی نەخشاندنی سیمای خۆمالیانەی چیرۆکی کوردیی تەواو .. ئەگەر دیوی ناوەوەی لە تەکدا نەبێت ... چونکە ئەوەتا ئەو دایکە بە تەنیا پۆشاکەکەی بگۆڕە دەبێتە پارتیزانێکی ئەمەریکای لاتینی .. نازانم بۆچی چیرۆکنووس لە نێو بەرهەمە ڕەسەنو نازدارەکانی تریدا ئەم چیرۆکەی بەم دەردە بردووە ؟! ئەگەر مەبەستی بەستنەوەی خەباتی نەتەوایەتیمانە بەهی گەلانی ترەوە .. ئەوا دەبێ چیرۆکی ڕەمزیی..بەر لە شیکردنەوەی ڕەمزەکان چیرۆکێکی تەواو بێو لە هەموو ڕووەکانەوە قەناعەت بە خوێنەر بکات .. ئەوسا بکەوینە سەرەو کاری ڕەمز شیکردنەوە ..

عەبدوڵلا عەزیز لە چیرۆکی ( بابەنۆئیل تۆراوە ) دا ( بابە نۆئیلی ) کردۆتە ڕەمز .. ئاشکرایە ئەم ڕەمزە تا چ ڕادەیێك بە ئێمە نامۆیە .. تەنانەت نووسەر خۆیشی تیای دا کەوتۆتە هەڵەوە .. نووسەر باسی جەژنی چوار ساڵەی لە دایکبوونی ( شوانە ) نلوێك دەکات .. بابە نۆئیل بەم بۆنەیەوەو لەو شەوەدا نایەت .. نووسەر وای داناوە کە گوایە تۆراوە.. بەڵام وەك بڕوایێکی باوی ئاینی لای گاورەکان .. بابە نۆئیل لە شەوی ( کریسمس ) دا دێت .. ئەو شەوەی مەسیحی تیا لە دایك بووە .. نەك ( شوانە ) و ئەمە لە چەندەها چیرۆکی بێگانەدا بە شێوەیێکی ڕاستو ڕەوان مرۆڤایەتیانە باسکراوە ..

چیرۆکنووسی ڕەسەنو بە سەلیقەو هونەرمەند لە دابەشکردنی دەمەتەقێکان دا پێڕەوی ئاستی ڕۆشنبیریو دەروونی پاڵەوانەکانی دەکاتو هەر چینو بەرەیێك شێوەی گفتو لفتی جیاوازەو تەنانەت هەر مرۆڤێك بە جۆرێ دەدوێو وشەو زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە .. بەڵام لای ( عەبدوڵلا عەزیز ) زۆر جار دایەلۆگی وا دەبیسین کە تاڕادەیەك نەبیستراوە ، لە چیرۆکی « تابلۆی دیمەنی خەمبارێکی ئازار دراو )(٥٤) دا قاڵەی پوورە مەنیج دەڵێ :

[ ــ تاوان ، تاوانی ( جانووس )ە .. ئەهەرو موزدای بەزیوی پەل بەست کردو فریشتەکانی بەرِوو رِەشی رِووەو قولەی قاف شار بەدەر کرد ](٥٥) .

ئەم قسەیە نەك لە هی قالە ناچێت .. بەڵکو ئاهور مزدا خۆیشی ناتوانێ پاکانەی ئەوەی بۆ بکات کە دیالۆگێکی کوردییە .

لە چیرۆکی ( دەریای ئازاردا )(٥٦)یشدا کابرایێك لە مزگەوت باسی کۆمەڵێ ئافرەتی تەوافکەر دەکاتو دەڵێ :

[ ــ لەبری گیرابوونی نزاو پارانەوەیان فەرامۆش هاتنێك شاخێکی پۆلاینی بە تەمی خەفەت دروست کرد ](٥٧) .

هەر لەم بارەیەوە حەمە کریم عارف لە چیرۆکی(دەستاڕ)دا لە سەر زمانی پاڵەوانێکی ( بێ ناو )ی کە بەژوورێکدا هەڵدەڕوانێ دەڵێ :

[ ــ وا دیارە درزەکانت ،کراسی بووکێنیان بەبەری گەڵێ هەناسەدا کردووە .. هەناسەی زەرد عاشقی لاوی مەرگە ، تۆیش پێ خەسووی تایبەتی هەناسەی زەردی .. ئاهـ .. هەناسەی زەرد .. هەناسەی زەر .. د . ](٥٨) .

نموونەی تر لەم بابەتە شپرزانە زۆرن .. کە نەك قسەی کەسێکی‌کوردنین .. بەڵکو هەر قسەش نین .. سەیر کە چەند دلگیرو پوختو جوانە کاتێ (حەمەوەیس) لە چیرۆکی(سەیرانێك لە ئەزمر )ی محەرِەم دا دەڵێت .

[ ــ ها چۆنن بەر خۆلەکانم .. شەیتان ئەڵێ سەرو سیخورمەتان تێ سرەوێنم ، نە ئەبوو سەرێکم لێ‌بدەن؟! ](٥٩).
یا کە دەڵێ : [ ــ بەم کەللەیە ماجوومی‌یێك هەر ئەخۆی دەمت بکەرەوە .. ئاوا .. چاوت بنووقێنە .. ئافەرین .. قووت چوو .. ئەوەتا لە قوڕقوڕاگەتەوە چووە خواری ](٦٠) .

یا لای حسێن عارف لە چیرۆکی ( چاڵی جەرگی پیرێژن )دا پیرێژن دەڵێ : [ ــ مامۆستا .. پێشمەرگەکان .. خەڵکینە .. بۆ خوا .. حەمەکەی منیش بدۆزنەوە .. هەر ئەوم هەبوو .. ](٦١)

لە ( میمکە هۆڵێ ) یشدا پیرە مێردە کە دەڵێ :

[ ــ خوای گەورە .. پێغەمبەر .. کاکە حەمەدی شێخ هاوار ](٦٢).

حەسەنی قزلجیش لە سەر زمانی کابرا برسی‌یەکە لە چیرۆکی ( پێکەنینی گەدا ) دا دەڵێ : [ کوڕە جوان خاسەکە .. خاسیان وتوە ( هەرکەس گوێز لەهەمانەی خۆی ئەژمێرێ ) تۆ گوێت پێوە نەبوو ، من داوای نانم کرد ؟ خانمی چی ، من برسیمە . شتێکم گەرەکە بیخۆم شتێکم گەرەك نیە گەمەی لەتەکا بکەم ](٦٣) .

بەدەیان بەسەدان نموونەی تریش‌وا کە زۆر بە رِەوانی‌و بێ زۆر کاری خۆگوشین پاڵەوانانی چیرۆکی کوردی گفتو گۆ دەکەنو هەر بەتەنیا لە دەمو دوانیان دا جۆری پاڵەوانەکە دیاری دەکرێت لە چ ئاستێکی رِۆشنبیریو لە کام چینو بەرەن ..

ئەمەوێ بڵێم ئەدەبی بێگانە فێری زۆر شتمان دەکات بەڵام فێری نووسینی چیرۆکی کوردیمان ناکات .. ژیانو تێکەڵاو بوون لەگەڵ میللەتەکەی خومان دا هەموو کەرەسەیێکی چیرۆکمان دەخاتە بەر دەست .. ئیتر هونەرکاریی چۆنی تێدا ئەکەیت بیکە .. ئەگەر نا .. ئەوا چیرۆکەکانمان وای لێ دێ وا بزانیت کابرایێکی فەرِەنسایی‌و بەرگی کوردی لەبەر دایە .. یا ژیانی نێو کوردەواریمان وای لە (شێرزاد، حەسەن) کردوە لە سێ چیرۆکی دا ناوی (سەگی بەرەڵلا)(٦٤) بێنێو مەبەستی خۆی پێ رِوون بکاتەوە .. لای ئێمە سەگ هەیەو بەگشتی بەرەڵلان .. تەنانەت ئەوانەی خاوەنیشیان هەیە هەر لە دوور ئاوایی کولانەیان بۆ کراوە .. یا جێگەیان بەر دەرگاو کۆڵانە .. سەگە بەناز پەروەردە کراوی نێو باوەشی خانمۆڵەمان نیە .. چونکە وا باوە کە گڵاون .. لە وڵاتانی تردا بەتایبەتی لای ناموسڵمانەکان دوو جۆریان سەگ هەیە .. لە چیرۆکی ئەواندا هەر جۆرەیان بۆ مەبەستێکە .. لای ئێمە تەنیا وشەی مەبەستی تەواو دەبەخشێ .. هەر ئەم چیرۆکنوسە لێکچوونێکی نامۆی تر بەکار دێنێ و دەڵێ ( ناخت بۆتە دوورگەیێکی سووتاو ئێمە نە دوورگەمان هەیەو نە دوورگەی سووتاو بەزەوقی میللیمان ئاشنایە .. ئێمە دەڵێین .. ( ناخت بۆتە قەقنەس ) .. یا دەڵێین ( وەك ناوسکی ماسی رِەش هەڵگەڕاوە ..) هتد ..

د. مارف خەزنەدار لە سەرەتای حەفتاکانەوە هەستی بە مەترسی‌ی شیرازە تێکچوونی چیرۆکی کوردی کردوە کە خەریکە زۆر جەمسەری خۆماڵێنی خۆی دەدۆڕێنی .. لە وتارێك دا بە ناونیشانی ( هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری رِەخنەم ) دا دەڵێ: [ بۆشایی ئێمە لەم رِووەوە گەڵێ فراوانە .. ئێمە لە چیرۆکا گەڵێ شتمان ئەوێ .. سروشتی رِەنگاو رِەنگی کوردستان .. ژن هێنانو خەنە بەندانو بووکە بەبارانە .. چەژنە ئایینی‌و نەتەوەییەکانمان .. سەیرانی بەهارو مەولوودو ئایینەکانی رِەمەزان .. هەموو خوو رِەوشتێکی نەتەوایەتی کە لە میللەتانی تر جیامان ئەکاتەوە .. خەباتی نەتەوەکەمان لە هەموو کوردستانا بۆ چارەنووسی نەتەوایەتی ..](٦٦).

د. مارف لەم چەند وشەیەدا زوربەی رِەگەزو بنچینەکانی

ئەدەبی خۆماڵیی دەسنیشان کردوە .. داوا کاری یێکو دلسۆزانەو هاندانێکی چیرۆکنووسانە بۆ نووسینی بابەتی ڕەسەنی کوردی .. بۆ ئەوەی بەرهەمێك بخوێننەوە لا تەرجەمەکراو نەچێت .. مرۆڤی کورد ببێتە کۆلەکەی بەسەرهاتەکان .. چونکە ئەوەتا لە چیرۆکی ( بەیەکا چوونی شتەکان )(٦٧) ی حسێن عارف هەست ناکەین تەنانەت مرۆڤیش هەبێت نەك هی کورد .. ژوورێکی بەئەندازەو وێنەیێکی سوریالیو شەش بۆریو بیناکەی بنتاگۆنو ... هتد .. چیرۆکی (شەترەنج)(٦٨) ی عەبدوڵڵا سەراجیش .. داشەکان هەر خۆیان پاڵەوانو دەجووڵێنو قسە دەکەن .. بەڵام چیرۆکی (شپرزە)(٦٩) ی د. کاوس قەفتان گەرچی پاڵەوانی تێدایە بەڵام لە کورد ناچێت .. ئەم پاڵەوانە دەیەوێ برنج لای ئافرەتێکی سفووری دەمو چاو مکیاج کراوی خاوەن مەخزەن بکرێت .. بە ئەسانسۆردا سەر دەکەوێت بۆ ماڵەکەی کە لە قاتی ( هەشتەم ) دایە .. هتد . ئەم دیاردەیە بە چیرۆکی ( رق ) و ( کادان ) و ( فەرمانێکی بچووك ) یشەوە هەیە ..

چیرۆکی (شەو) ی ڕەوف بێ گەرد باسی سێ چیرۆکنوسو شاعیرێك دەکات .. ڕەنگە زوربەمان ئەو چوار کەسە بناسین .. بەڵام لە چیرۆکەکە دا نا ناسرێنەوە.. چونکە بە هیچ شتێکا دەرناکەون کە کورد بن .. ئەمە سەرجەمی کەلو پەلەکانیانە کە لە هەموو جێیێکی دنیادا ڕەنگە گوڕانێکی ئەو تۆیان تێدا نەبێ .

[ قەرەوێلەیێکی شکاو .. پەڕە کاغەزی دڕاو .. پێخەفی پێچراوە .. چەکمەجەیێکی شکاو و پێکێکی داخراو.. زۆپایێکی نەوت .. کتێبی هەڵرژاو .. قاپی پاکو کەڕو هەڵهێنراو .. وێنەیێکی گوگوش لە پاڵ مێزەر بەسەرە کەوە.. مێش کوژێك .. فلچەیێکی قۆندەرە .. دەستەیێك کونکەنی نایلۆن ](٧٠)

چیرۆکی ( بوار ) یش ئەگەر هەر دوو وشەی (سیزیف )و (زۆربا) ی لێ دەر هاوێژی .. ئەوا پاڵەوانێکی بێ ڕەنگو ڕوخساری ئەوتۆ دەمێنێتەوە کە لە سەرتاپای زەمیندا نەمۆرکی هیچ خاکو نەتەوەیێکی پێوەبێتو نە لە نێو مرۆڤدا هەبێت .

دوا وتەم ئەویە .. دەپرسم

ئایا خۆماڵێتی چیرۆکەکانمان لە جیهانێتی دا برمان دەکات ؟ یا لای نووسەری بەتوانا بناغەی پتەوی ئەدەبێکی جیهانی دا دەرێژێ ..

ئایا کام ڕۆماننووسی جیهانی دەستبەرداری خاکو نەتەوەو سیما خۆماڵیەکانی خۆی بووەو لە جیهاندا ناوبانگی دەر کردوە ؟!

ئایا شۆلۆخۆف مانای ( دۆنی ئارام ) نا بەخشێ .. ماکسیم گۆرکی : مانای خەباتی گەلی ڕووسیا نیە بۆ رزگاری بەڵێ ..

بەلزاك : یانی کۆمیدیاو گاڵتە جاڕی ژیانی ئەو سەردەمەی ەڕەنسا ..

یەشار کەمال : یانی ژیانی کوردەواری نێو گوندەکانی تورکیا جێمس جۆیس : یانی کووچەو کۆڵانی شاری دبلن

کازانتزاکیسی : یانی زۆربایێك کە خوێنو گۆشتو دەماری یۆنانی یە شتاین بێك : یانی خەباتو تووڕەیی خەڵکی زەبوونی ئەمەریکا عەبدولڕەحمان مونیف : یانی تێکوشانو خەباتی لەبار چووی عەرەب ڕەسوولی هەمزاتۆڤ : یانی خۆشەویستی داغستانەکەی ، دیستونیسکی و تەلستۆی : یانی هەموو تاوان سزاو کوێرەوەری و

شەڕو ئاشتیو کفرو خوا پەرستی سەردەمێکی تاڵ لە مێژووی ڕووسیای قەیسەریدا .

بە دەیان و سەدان نموونەی تری وەك ئەمان .. ئایا بەرهەمەکانیان لە زوربەی ولاتانی جیهان دا خەڵکی خۆیانی تیا نابیننەوەو بەهی خۆیانی نازانن ؟! خۆ هەر هەموویان بە ناوی پاڵەوانو شارو گوندو بەرگو ڕەفتارەو دەمو دوانەوە هی نەتەوەکەی خۆیانو.. بە مەبەستی خزمەتی خۆیان نوسراون .

ئەی ئێمە .. بۆ وا نەکەین ؟!

**پەراوێزەکان**

**١ ــ جەمال بابان ــ خانزاد ــ چاپخانەی تەمەدن /١٩٥٧/ ل ٢٦ .**

**٢ ــ ئەحلام مەنسوور ــ گۆڤاری بەیان ژمارە ٦٥ ساڵی ١٩٨٠/ ل ٦٠ .**

**٣ ــ حەسەنی قزلجی ــ پێکەنینی گەدا ــ ١٩٧٢ ــ ل / ٧٨**

**٤ ــ عەلادین سەجادی ــ هەمیشە بەهار ــ چاپخانەی مەعاریف ١٩٦٠ /ل ٤٦**

**٥ ــ محەمەد سالح سەعید ــ شمشاڵی شوان ــ ١٩٦٧ ل /٢٠ و ١٠١**

**٦ ــ ڕەوف بێگەرد ــ بوار ــ ١٩٧٧ ل /٤٨**

**٧ ــ شمشاڵی شوان ل /١٨ ، ١٩**

٨ – شیرین ٠ ك – پێش ئـــەوەی تاریك دابێ /١٩٧٨ ل /
٢٤ و٢٥

٩ – پێکەنینی گەدا ل / ٩٨ – ١٠٨ .

١٠– محەمەد رەشید فەتاح / گەشتی دووەمی ئەپۆلۆ ١٩٧٧
ل/ ٢٩ –٣٧

١١ – د٠ کاوس قەفتان / نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ ١٩٧٩
ل /١٢٧ – ١٤١

١٢– سە چاوەی پێشوو ل ١١٥ – ١٢٤

١٣– محەمەد فەریق حەسەن / سێبەری ئەسپەشێ / ١٩٧٧
ل /٢٢

١٤– د٠ مارف خەزنەدار / ئەلەمان کوردی /١٩٦٩

١٥– شاکیر فەتاح – شەبەنگە بە ڕۆژ – ١٩٤٧ /ل ٤٦

١٦– محەرەم محەمەد ئەمین – گردی شەهیدان ١٩٥٨ ل/٥

١٧– حسێن عارف – کلافەیەك ژانی تووڕە ١٩٧١ ل / ١٣

١٨– سەرچاوەی پێشوو – ل /١٢

١٩– سەرچاوەی پێشوو – ل /١٥

٢٠– خانزاد ل/٢٨

٢١– سێبەری ئەسپە شێ ٠٠ ل/٨

٢٢– کاکە مەم بۆتانی – بوومە لـەرزە لە گۆمی مەنگدا –
١٩٦٩ ل/٦٢

٢٣– کاکە مەم بۆتانی – بازنە ١٩٨٠ ل/٧٤

٢٤– رەسوول هـەمزاتـەف – داغستـانی من – ١٩٨٠ ،
وەرگێڕانی عەزیز گەردی

٢٥– گردی شەهیدان ل /٧

٢٦– محەرەم محەمەد ئەمین / ئادەمیزاد ١٩٦٩ ل /٢٦ و٢٧

٢٧– د٠ کاوس قەفتان / خۆری ئاوابوو ١٩٧٠ ل/ ٧٢–٨٢

٢٨– د٠ کاوسی قەفتان /ڕاوەبەران ١٩٧١ ل/٨٦

٢٩– ڕاوە بەران ل /٦٥ – ٧٢

٣٠– کلافەیەك ژانی تووڕە ٠٠ل /٧

٣١– سێبەری ئەسپە شێ ٠٠ ل/ ١٧ و١٨

٣٢– بازنە ٠٠ل /٣

٣٣– بازنە ٠٠ ل / ٦٥ و ٦٦ و ٦٧

٣٤– بازنە ل /٧٣
خانزاد ل /١٨

٣٥– محەرەم محەمەد ئەمین – گۆمی شلەقاو ١٩٥٧ ل/٢٠

٣٦– ئەحلام مەنسور – هاوکاری ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٤

٣٧– سێبەری ئەسپە شێ ٠٠ ل /٤٨

٣٨– بازنە ٠٠ ل/٢٦

٣٩– کلافەیێك ژانی تووڕە ل /٨٠

٤٠– هەمان سەرچاوە ٠٠ ل /٩٤

٤١– گۆمی سلەقاو ٠٠ ل /٢٠و ٣١و ٣٢

٤٢– هەمیشە بەهار ل /٢٠

٤٣– سەرچاوەی پێشوو ل /٦٢

٤٤– سێبەری ئەسپە شێ ل /٤٠

٤٥– کۆنستانتان جۆرجیۆ / الساعة الخامسة والعشرون /
١٩٦٦ ل /٤١

٤٦– سەرچاوەی پێشوو ٠٠ ل /١٦٩

٤٧– سەرچاوەی پێشوو ل /٢٦

٤٨– سەرچاوەی پێشوو ل /١١٢ و١١٣

٤٩– عەبدوڵلا عەزیز خالید – بابەنۆئیل تۆراوە ١٩٧٨ ٠٠ل
/٥٦

٥٠– عەبدوڵلا سەراج – مردوو خەون نابینێ – ١٩٨٠ ل/٥٠

٥١ محەمەد فەریق حەســەن – رستێك زەنگیانەی ئاوی –
١٩٧٩ ل/٥ –١٤

٥٢– سەرچاوەی پێشوو ٠٠٠ ل /٥

٥٣– سەرچاوەی پێشوو ٠٠ ل /١١

٥٤– بابەنۆئیل تۆراوە ٠٠ ل /٧ – ١٦

٥٥– سەرچاوەی پێشوو ٠٠ ل /١٦

٥٦– سەرچاوەی پێشوو ل /٩٩–١٠٨

٥٧– سەرچاوەی پێشوو ل /١٠٨

٥٨– حەمەکەریم عارف – تیرۆژ – ١٩٧٩ ل /٤٦

٥٩– گۆمی شلەقاو ل /٢٣

٦٠– گۆمی شلەقاو ل /٣٨

٦١– کلافەیێك ٠٠٠ ل /١٢

٦٢– کلافەیێك ل /٨٩

٦٣– پێکەنینی گەدا ٠٠ ل ٢٢

٦٤– شێرزاد حەسەن – چیرۆکی (گرێ) – پاشکۆی عێراق
ژ ٣٣ ساڵی ١٩٨٠ چیرۆکی (پشت دەرگا ئاسنینەکە ) –
چیرۆکی ( ئەو شەوەی سەگم تیایا خوشویست )

٦٥– پشت دەرگا ئاسنینەکە .

٦٦– د٠ مارف خەزنەدار – دەفتەری کوردەواری – بەرگی
سێیەم ١٩٧٠ ل /٥٤

٦٧– حسێن عارف – توێشووی سەفەرێکی سەخت ١٩٧٩
ل /٢٧

٦٨– عەبـدوڵلا ســەراج – لاکێشـە ڕووناکەکان ١٩٨٠ ل
/٢٥–٣٠

٦٩– ڕاوە بەران ٠٠ ل /٣

٧٠– بوار ٠٠ ل /٣٠و ٣١